# ژنان نایانەوێت منداڵیان ببێت

## بەکارهێنانی حەبی مەنع لە ناو ژناندا روو لە زیادبوون دەکات

راپۆرتی ئیسماعیل عوسمان و گیژان موحەمەد



- ژنێکی رووخۆش و گەنج باسی بەسەرهاتی خۆی دەکرد کە پاش ئەوەی کە زەواجی کردووە لەگەڵ کەسێکدا کە خۆی بەدڵی نەبوو، دوای چەند مانگێك لە هاوسەرگیری لەگەڵ مێردەکەیدا ئەوکات پێیزانیوە کە حاملە بووە،دواتر پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی حەبی مەنع بەڵام ئەوکات منداڵەکەی سکی چوار مانگ بووە و هیچ سوودێکی نەبووە و دکتۆر رێگیریلێکردووە لە بەکارهێنانی، دواتر لەسەر پەیژەیماڵەکەیان خۆی خستۆتە خوارەوە بۆ ئەوەی زەرەری بۆ کۆرپەلەکەی هەبێت و لەباربچێت.

رێگریریکردن لە سکپڕبوون لەنێو ژناندا بووەتە یەکێك لەو دیاردە بەرچاوانەی کە لەناو ژناندا باسی لێوەدەکرێت بەشێوازی جیاواز و هەندێکجار لەڕێنماییەکانی دکتۆری پسپۆڕەوەیە، بەڵام هەندێك لەو ژنانە بە بەکارهێنانی حەبی مەنع رێگە لەدروستبوونی کۆرپەلە دەگرن.

حەبی مەنع یەکێکە لەو حەبانەی کە لەڕووی تەندروستییەوە بەکاردەهێنرێت بۆ رێگەگرتن لەدروستبوونی کۆرپەلە کە ئەمەش بەرێژەیەکی جیاواز بەکار دەهێنرێت و رێژە و کاتی جیاوازی هەیە بۆ بەکارهێنانی.

هەندێك لەو حەبانە لەسەربالٚ دادەنرێن و بە (74) کاتژمێر پێش چوونە جووتبوون و

لـەڕێگای مولولـەکانی خوێنـەوە دەگوێزرێنـەوە، بەڵام هەندێکی تر بە (24) کاتژمێر پێش جووتبوون بەکاردەهێنرێن و لەڕێگای وەرگرتنـی دەمـەوە کـە دایـرۆ و پرۆجیسـترۆن... ئەوانـە بـەکاردەهێنن.

پسپۆڕانی بواری تەندروستی ئاماژە بەوە دەدەن کـە بـەکارهێنانی ئـەم حەبانـە بەشـێوەیەکی گشـتی زیانبەخشـە لـەڕووی جەسـتەیی و دەروونـی کـە کاتێك لەلایـەن ژنانـەوە بـەکاردەهێنرێت حاڵـەتی نێگەتیڤ بۆ ئەو کەسانە دروستدەکات.

شەرمین عەلیی 28 ساڵ باسـی لـەوەکرد کـە ئـەو حەبـە بـەکاردەهێنێت بـۆ ئـەوەی منـداڵی نـەبێت "چونکە چوارساڵە زەواجم کردووە خاوەنی چـوار منداڵم بۆ ئەوەی منداڵی ترم نەبێت و ماوەیەکە کە بەردەوام بەکاریدێنم و سودیشم لێوەرگرتووە."

هەروەها لەدرێژەی قسەکاندا وتـی " دوای ئـەوەی کـە دکتـۆر بـۆی نوسـیم و ئێسـتا بەبـەردەوامی بەکاردەهێنم لە دەرمانخانەکانی دەرەوە دەیکڕم، تـا ئێستا تووشی هیچ جۆرە نەخۆشییەك نەبووم"

بەڵام هەندێك لەو ژنانە کە بەکاریدەهێنن هۆکاری بەکارهێنانی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کـە لـە تەمـەنێکی کەمدا زەواجیانکردووە، بۆ ئـەوەی لـەو قۆناغـەدا تووشی کێشەی منداڵ بەخێوکردن نـەبن پەنادەبەنـە بەر بەکارهێنانی ئەو حەبە.

(بەهار محەمەد)ی 20 ساڵ کـە هاوسـەری هەیـە و خوێندکاری ئامادەییە وتـی " لـەم قۆناغـەی ژیانـدا نامـەوێت منـداڵم ببێـت، بۆیـە پـەنا دەبەمـە بـەر بـەکارهێنانی ئـەم حەبـە، دکتـۆر پێـی وتم خـۆت ببەستە. بەڵام من ئەم ڕێگایەم پێباشنەبوو"

زۆرێك لەدکتۆرەکان ڕێگای بەستن بـەکاردەهێنن، کەبریتیە لە بەسـتنی ملـی منداڵـدانی ئـافرەت بـۆ ڕێگـەگرتنی لەدروسـتبوونی کۆرپەلـە لـەناو منداڵداندا. ئەو ژنانەش کە ئەو ڕێگایە بەکاردەهێنن مانگی چەند جارێك سـەردانی عـیادەکان دەکـەن بۆ ڕێنمایی وەرگرتن.

مهابـاد بورهـانی 21 سـاڵ خـاوەنی دوو منداڵـە تەئکیـدی کـردەوە کـە حەزناکـەم منـداڵم بێـت، چـونکە خـاوەنی دوو منداڵـە و لـەو تەمەنـەدا ناتوانێت بەخێوی بکات.

مهاباد وتی " هاوسەرەکەم ڕازی نییە بەکاری بهێـنم و بەدزییەوە بەکاریدەیهێنم، ئەگـەر پێشـم بزانیـت گەورەترین کێشەم بۆ دروستدەکات، بەڵام ناچـارم بەکاریبهێنم چونکە تەمەنم منداڵە"

بەهیە حەسەنی 26 سـاڵ کـە بەبێـەوەی سـەردانی دکتۆربکـات ئـەو حەبـە بـەکاردەهێنێت، لـەکاتی پێویست، وتی " بەبێئەوەی سەردانی دکتـۆر بکـەم خـۆم بەکاریـدەهێنم چـونکە دکتـۆر مـەرجی زۆر دادەنێـت و تـاوەکو ئێسـتاش هـیچ کێشـەی بـۆ دروستنەکردووم، بەڕێگایەکی ئاسانی دادەنێم"

ئەو ئاماژەی بەوەکرد کـــە زۆرجار دکتۆر ڕێگری دەکات لـــە بەکارهێنانی بۆ ئەوەی بە بـەردەوامی سـەردانی خـۆی بکـەیت و خـۆت ببەستیت.

فاروق عەزیز، دکتۆری دەرمانسازی لەلێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری لڤین ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو دەرمانانە کاریگەری خراپ

دەکەنـە سـەر ئـەو کەسـانەی بەکاریـدەهێنن، هەندێکجار بەڕشانەوە و ئێڵنجـدان و سکچـوون و گێژبوون و حەساسییەت و بەڕووناکی ئاوسانی لەشی ئافرەتەکە و بەرزبوونەوەی زەخت و هەوکردنی منداڵدان، هەندێك کات بە بـەردەوامی بەکارهێنانی ڕەنگە تووشی نەزۆکی بێت.

هەروەها تەئکیدی لـەوەکردەوە نابێـت ئـەو ژنانـە بەکاریبهێنن کە حەملیان هەیە یاخود دایکن، یاخود شیردەرن.

د.فـاروق پێیوایـە، ئـەو کچـانەی هاوسـەرگیرییان نـەکردووە و بەکاریـدەهێنن، بـۆ ڕێککردنـەوەی سـوڕی مانگانەیـە چـونکە لـەکاتی دروسـتبوونی (عادە)ئازاریان زۆردەبێت.

هەروەها وتی "ئەوانەی حەب بـەکاردەهێنن ئەوانـە پێویسـتە ماوەکـەی بـزانن لـەکاتی لـەبیرکردنی شەوێکدا پێویستە شەوی ئایندە دوو حـەب بخوات لەکاتی دیاریکراودا، یان لەلایەن پیاوانەوە کۆندۆم بەکاربهێنرێت" دکتۆر فاروق پێیوابوو ئەو کەسانەی لەسەرووی 35 سـاڵەوە بەکاریـدەهێنن زیانـەکانی بۆ سەریان زیاتر دەبێت بۆ ئەو ژنانە.

## ئەمە هۆشیاری سێکسی یە یا ئاسایی کردنەوەی لادان و تاوان

ئارام عەلی

لەگۆشەکەی د. ئەفرام محمد حسن دا لە ژمارە 46 ی لڤین دا شتانێکم خوێندەوە پێم سەیر بوو کە لەژێر ناوی هۆشیاری سێکسی دا بنوسرێ و بە تایبەت لە لڤین دا کە بە گۆڤارێکی بوێر و بنیاتنەر ناسراوە ..

لێرەدا بە چەند سەرنج و ڕەخنەیەك لەسەر ئەو باسە دەنوسم بە ئومێدی قبوڵ کردنی لەلایەن نوسەر و گۆڤارەکەتانەوە

1)لەسەرەتای باسەکەیەوە دکتور وا ئەو دەرد و نەخۆشیە باس ئەکا هەروەك کەس ناوی نەزانێ و قێزەونی و پیسی ئەو کارەی نەزانیبێ .. ئەگەر زیادەڕەوی نەکەم دەڵێم کراسێکی دەکا بەبەردا و باسی ئەوە دەکا کە رودەدا لە نێوان نێر و نێردا لە فلان شوێن و فلان شوێن ، یا دەڵێ لە نێوان ژن و مێرد دا رودەدا و ئافرەت ناچار دەکرێ بە هەرەشەی ژنی دووەم ، ئینجا وەك کار ئاسانی و ئاسایی کردنەوە دەڵێ : ئەمە مانای ئەوە نیە مێینە هەرگیز حەز بەم کارە ناکا ، بەڵکو هەندێ جار مێینە چێژێکی تایبەت لەم کارە وەر دەگرێ وەك وتمان ئەم کارە لە نێوان نێر و نێریشدا دەکرێ کە دەشێ تاکی پاسیڤ .. ... ) .

ئەم برگەیە بە ئاشکرا نیشاندەری بە ئاسایی ناساندنە و جۆرێکە بۆ لەقاچاغی و عەیبە دەرهێنانی ئەم نەخۆشیە کوشندە قێزەونە کە لە زەمانی لوگ پێغەمبەرەوە تف و لەعنەتی لێ ئەکرێ و کەسی توشبوو بەو دەردو نەخۆشی‌یە بە نامۆ و نەخۆش و سوك سەیر کراوە و تەنانەت لەولاتانێکدا کەلە ژێر مافی تاکی مرۆڤ دا ڕێگەی لێ نەگرتووە بەڵام هەر بە (شژوژ) ناسراوە و گروپ و دەستەی تایبەتیان هەیە و بە حاڵەتێکی نادروست ناسراون ..

2)هەروەك خەمی ئەو (شاژە) نەخۆشانە بخوا چووەتە ناوباسی بۆچی ئەم کارە دەکرێ ، ژن لە کاتی سوری مانگانەیدا و منداڵ لەلایەن کەسی گەورەترەوە و ، لە زیندان و سەربازگەکاندا کە ئەمە ئەرکی دکتور نیە ئەگەر بیەوێ زانستیانە قسە لەسەر ئەو نەخۆشیە بکا ...

3)پاشان دوو دلّی دروست دەکا لەسەر ئەوەی کە ئەم کارە ( ئینحراف) بێ و دەڵێ ( لەراستیدا زیاتر لە ئەگەرێك هەڵدەگرێ و .. .. ) بەشێوەیەکی نەشیا و پاسا و بۆ هەندێکی و سوك کردنی تاوانی هەندێکی تر باسەکە تەواو دەکا من دەپرسم ئەم دکتورە بەرێزە لە کوێ دەژی و قسە بۆ کێ دەکا !! بۆچی نازانێ ئەم نەخۆشیە کۆنە و خەڵکی ناوی ئەزانێ و قێزەونی و پیسی و سوکایەتی ئەزانێ و هەرگیز پێویستی بەم پۆشاکە و بەم پێچ و پەنایە نیە ..

دەبو بە ناونیشانی لادان و نەخۆشی پێناسەی بکردایە و زیانەکانی لەروی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دەرونی باس بکردایە نەك وەکو شتێکی تازە داهاتوو باسی بکا .. ئەمە جگە لە رای ئاینی ئیسلام لەسەر ئەم نەخۆشیە کە بە توندی حەرام کراوە و بکەرەکەی بە توندی سزا و هەرەشە لێ کراوە .. لە کۆمەڵگەی موسڵمانی ئێمەدا بەسە بۆ قاچاخ کردن و نامۆ کردن و قەڵاچۆکردنی کە توشبوی ئەو نەخۆشیە بەسوکترین و ناپیاوترین کەس ناسراوە و هەرگیز پلە و پارە و زانستی یەکەی نەیتوانیوە لەچەپۆکی توندی (هەندێ جار زیادەرەوی) کۆمەڵگە رزگاری بکا ..

دەبو دکتور ڕێز لە گۆشەکەی و گۆڤارەکە و زانستی خۆی بگرێ و بەو شێوەیە خۆی سەرگەرم نەکا بە شتێکەوە کە بۆنی ئاسایی کردنەوەی ئەو نەخۆشیەی لێ دێ ، دەبو لە لیستی نەخۆشیەکانی سێکسی دا ریز بەندی بکا و راشکاوانە رسوا و شەرمەزاری بکا .